# بۆ شەیدایانی ڕێگای بەهەشت و پەیڕەوكارانی ڕێبازی زەردەشت

## إلى عشاق طريق الجنة وأتباع الطريقة الزرادشتية

< كوردي - كردي - kurdish >

**پشتیوان حەسەن كەرەم**

بشتيوان حسن كرم

**پێداچونەوەی: مامۆستا خەلیل ئەحمەد وپشتیوان سابیر عەزیز**

مراجعة: خليل أحمد و بشتيوان صابر عزيز

# بۆ شەیدایانی ڕێگای بەهەشت و پەیڕەوکارانی ڕێبازی زەردەشت

الحَمْدُ للهِ رَبِّ العالمَين وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى رَسُولِنا وَنَبِينا مُحَمّدٍ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَ آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلّمْ، أمّا بَعد:

لە ڕاستیدا کاری بانگخواز و پێشەوایانی دین لە دوو ئەرك زیاتر تێ ناپەڕێت و ناترازێت، ئەوانیش بریتین لە [تحقیق الحق و إبطال الباطل] واتە بەڕاست خستنەوەو ڕوونکردنەوەی حەق و ڕاستی و بەتاڵ کردنەوەو پووچکردنی ناڕەواو درۆ، کە ئەمەش خۆی لە وشەی شایەتوماندا دەبینێتەوە کە پێك دێت لە دوو بڕگە، وەك: " لا إله إلاّ الله " کە بڕگەی یەکەم بریتیە لە (لا إله) واتە هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن بێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بریتیە لە (إبطال الباطل) و بڕگەی دووەمیش کە پێك دێت لە (إلا الله) واتە تەنها الله نەبێت، ئەمەش کت ومت بریتیە لە (تحقیق الحق)، جا ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم لەم بابەتە بەدەر نیە، ئەوەش بریتیە لەوەی کە لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا هەست بەوە دەکرێت کە خەڵکانێك گوایە بەبیانوی خواپەرستی و خۆشەویستی بۆ خواوە ئەیانەوێ لە خوا نزیك ببنەوە وشوێن پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران بکەون ئەوەی کە خۆیان بەدڵیانە بە ناوی زەردەشتەوە.

بۆیە ئەم پرسە پێویست بەوە دەکات کە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکرێت و کۆمەڵێك ڕاستی شاراوە بخرێتە ڕوو لەم بارەیەوە، هەم بۆ وریاکردنەوەی ڕۆڵەی موسڵمانان و هەمیش بۆ ئەوانەی لافی ئەو بانگەوازە لێ دەدەن بۆ ئەوەی بیانویان بەسەرمانەوە نەمێنێت لە ڕۆژی دواییدا و ڕوبەڕومان بوەستنەوەو تۆمەتبارمان بکەن بە ئاگادارنەکردنەوەیان، جا پشتیوان بە خوا دەڵێم:

ئەو بابەتەی کە لەدەرگایان داوە (پێی بزانن یان نەزانن) ڕەگ و ڕیشەیەکی نەتەوایەتی هەیە و هەستی نیشتیمان پەروەریە و هیچ پەیوەندیەکی بە دینداری و خواپەرستیەوە نیە، وەکو بەو کەسانەی کە زیادەڕۆیی دەکەن لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ پێشەوا عەلی (ڕەزای خوای لێ بێت) دەوترێت [ليسَ حُبّاً لِعَلي ولكن بُغْضاً لِعُمَرْ] واتە ئەوە لە خۆشەویستیانەوە نیە بۆ عەلی بەڵکو لە ڕق و کینەیانەوەیە لە عومەر. ئەمەش بەهەمان شێوە وایە، چونکە ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەن و بەدڵ دەیانەوێ خوابپەرستن ئەوا هەر خوا خۆی (سبحانە وتعالی) پێی ڕاگەیاندووین کە هەموو دەرگاکانی بەرەو خوا چوون داخراون و تەنها دەرگای ئیسلام کراوەتەوەو لەخوا نزیکت دەکاتەوە ئەگەر دەتەوێ، وە ئەگەر ئەوانە خوایان خۆش دەوێت دەبێت گوێڕایەڵی خۆشەویستەکەیان بن و شوێن خۆشەویستی خۆشەویستەکەیان بکەون کە پێغەمبەر محمدە صلی الله علیه وسلم، بۆیە لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە بابەتەکە شتێکی ترەو زیندووکردنەوەی بیری ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستیە، بەبیانوی ئەوەی گوایا زەردەشت پێغەمبەری کوردە و ئاینەکەشی بۆ کوردانە. (1)

و محمدیش صلی الله علیه وسلم عەرەبە و دینەکەشی بۆ عەرەبەکانە، ئەمە لەکاتێکدا پێغەمبەر محمد صلی الله علیه وسلم هیچ ئاماژەیەکی بەوە نەداوە کە دینەکەی تایبەت بێت بە نەتەوەیەکەوە و کورتی کردبێتەوە بۆ گەلێك و خەڵکانی تری لێ بێبەش کردبێت، بەڵکو بە

پێچەوانەوە خۆی فەرموویەتی: { إن ربكم واحد، وأباكم واحد، ولا فضل لعربي على عجمي، ولا لعجمي على عربي، ولا أحمر على أسود، ولا أسود على أحمر إلا بالتقوى...} (2) واتە: ئەی خەڵکینە: پەروەردگارتان یەکێکە و باوکتان یەکێکە، بۆیە فەزڵ وچاکەی کەسی عەرەب بەسەر غەیرە عەرەبدا و غەیرە عەرەبیش بەسەر عەرەبدا نیە و هەروەها فەزڵ وچاکەی سوور و سپی پێست بەسەر ڕەش پێستدا و سپی پێستیش بەسەر ڕەش پێستدا نیە، مەگەر بە تەقوا نەبێت.

وە خوای گەورە سەبارەت بەوەی کە ئەم دین و پێغەمبەرەی بۆ هەموو مرۆڤایەتی ناردووە دەفەرموێت:﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيراً (1) ﴾ [ الفرقان ]

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ (107) ﴾ [ الانبياء ].

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيراً وَنَذِيراً وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ (28) ﴾ [ سبأ ].

ئەوەی لەم نووسینەدا دەیخەینە ڕوو، ئەوەیە کە هەر لەدوورەوە ڕەخنە ناگرین بێ ئەوەی بزانین ناوەڕۆکی ئەو ڕێبازە چیە، بەڵکو ڕەخنەگەلێکی لۆژیکی دەگرین و هەروەها تەنها پشتیشمان نەبەستووە بە سەرچاوە ئیسلامیەکان، بەڵکو لەسەرچاوەکانی خۆیانەوە گەڕاوین و توێژینەوەمان کردووە و ڕاستیە شاراوەکانمان خستۆتە ڕوو، دوای پیشان دانی ئەو بەڵگانەش ئیتر حوکم بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵین کە ئایا کام ئاینە شایستەی ئەوەیە پەیڕەوی لێ بکرێت و شوێنی بکەویت.

[سەرەتا ڕێبازی زەردەشت گومانی لەسەرە کە ئاینە یان خەڵکانێك ناویان ناوە ئاین و شوێنی کەوتون] ، گریمان ئاینە، ئەوەش لەدوو حاڵەت بەدەر نیە:

1- یان دەبێت حەق و ڕاست بێت ولەلایەن خوای پەروەردگارەوە دابەزێنرابێتە خوارەوە

2- یانیش درۆ و ناڕاستە و دروستکراوەو هیچ بنەمایەکی نیە،

لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەر جێ بەجێ ناکرێت و نابێت کەس شوێنی بکەوێت، چونکە بەهاتنی ئیسلام هەموو دینەکانی تر هەڵوەشایەوە و مانەوەی هەتاهەتایی بۆ ئیسلام بڕیاڕدرا، لەبەر ئەوەی خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلامُ ﴾ [آل عمران:19]، یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلامِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (85) ﴾ [آل عمران]، جگە لەوەش خوای بەتوانا خۆی بەڵێنی پاراستنی ئیسلامی داوە لەوەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت و دەستکاری بکرێت و تێك بدرێت، لەکاتێکدا بۆ دینەکانی تر بەو شێوەیە نیە، وەکو دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (9) ﴾ [الحجر].

جگە لەوەش سەبارەت بە نەمان و لەناوچوونی ڕێبازی زەردەشت جێگەی ڕەخنەو گومان و مشتومڕی زۆرە لە نێوان توێژەران ومێژوناسان و نووسەرانی ئەو بابەتانە، بۆ نموونە: توێژەرێکی وەکو " عەبدوڵلا موبلغی ئابادی" لە کتێبەکەیدا بەناوی [مێژووی ئاینی زەردەشت] لاپەڕە (61) دا بە ڕاشکاوی دەڵێت: [ بوونی مێژوویی زەردەشت جێگەی گومان و ڕەخنەیە ] ، هەروەها کەسێکی وەك وریا قانع لە هەمان کتێبی ناوبراودا دەڵێت: [ بەلای منەوە هەرچەندە ئاینی زەردەشت لە لایەنی یەزدانەوە هەڵوەشاوەتەوە ولەمڕۆکەدا کاری پێ ناکرێت]

بەڵێ ئەم پرسە بەشێوەیەك ساغ نەبۆتەوە كە تەنانەت هاوڕا نین لەسەر چۆنێتی نووسینی ووشەی " زەردەشت" كە دەبوو ناوەكەی زۆر ڕوون بوایە چونكە ناوی ئەو پێغەمبەرانەی كە لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون بە نادیاری نەماوەتەوە و هیچ لێڵی و تەمومژێكی لەسەر نیە وەكو (ئادەم، نوح، إبراهیم، إسماعیل، یعقوب، سلیمان، داود، إدریس، محمد علیهم السلام....). ووشەی زەردەشت واتە: خاوەنی وشتری زەرد یان ئەستێرەی زەرد كە مەبەست پێی خۆرە (3)، هەربۆیە وێنەی زەردەشت كە بەخەیاڵی خۆیان كێشاویانە و دروستیان كردووە وێنەی خۆرێك لەپشتی سەریەتی، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن: (Zoroaster) وە سەبارەت بە چۆنێتی ڕەنووس كردنی وشەی زەردەشت لە مێژوودا بەم شێوازانە هاتووە: زردشت، زرتشت، زرهشت، زاردشت، زاراهشت، زراتشت، زرادشت، زراهشت، زرادشت، زرەدشت، زرەتشت، زرەهشت، زردشت، زرتهشت، زاردهشت، زارتهت (تای مە چموم). بە قسەی هەندێك لە مێژوونوسان مێژوی سەرەتای دەركەوتنی ئاینی زەردەشت دەگەڕێتەوە بۆساڵی (660)ی پێش زایین.

سەبارەت بە كتێبەكەشی كە گوایا كتێبێكی هەیە و یاسا و تەشریعاتی ئەو لەو كتێبەدا ڕوون كراوەتەوە و پەیڕەوكارانی جێ بەجێ دەكەن، وا ئێستا دێینە سەری و هەندێك ڕاستی دەخەینە ڕوو:

ئەو كتێبە ناوی (ئاوێستا)یە و بەهەمان شێوە نووسەران و مێژونوسان بە گومانەوە لێی دەڕووانن و چەندین لێدوانیان لەوبارەیەوە داوە، وەكو: " عەبدوڵڵا موبلغی ئابادی" دەڵێت: [ بەشێكی زۆری ئاوێستا لەناوچووە و هیچ شوێنەوارێكی ئەوانە لەبەردەستدا نیە] (4)

ئەبو ڕێحانی بیروونی لە كتێبی "آثار الباقیة "دا دەڵێت: "زەردەشت كتێبێكی هێناوە، ئەو كتێبە (ئاوێستا) یان (ئەنبا)ی پێ دەڵێن، زمانی ئەم كتێبە لەگەڵ زمانی تەواوی كتێبەكانی جیهاندا جیاوازە، زمان و پیتەكانی ئەم كتێبە لەگەڵ كتێبی دیكەدا جیاوازە.(5) ئەوەش هۆی ئەوەیە كە ئەم كتێبە پەیوەندی بەزمانی خەڵكانێكەوە هەیە. ئەم كتێبەی ئاوێستا لە خەزێنەی "دارای كوڕی دارا " ی پاشای ئێراندا بووە، كەبە زێر رازاندبوویانەوە، لەسەر دوازدە هەزار پێستی گا نووسرابووەوە، "ئەسكەندەری مەكدۆنی " ئەم نوسخەیەی سووتان و (هربدانەكانی) بە شمشێر لەناوبردن. لەو سەردەمەوە ئاوێستا لەناوچووە، بەئەندازەیەك لەپێنج بەش سێ بەشیان بەتەواوی لەناوچووە، لەئەمرۆكەدا (12) بەشی ئاوێستا لەبەردەست زەردەشتیەكاندا هەیە. هەروەها ناوی ئاوێستاش هەروەكو ناوی زەردەشت لە مێژوودا بەچەندین جۆر نووسراوە: اویستا، اویتسا، بستاق، ایساق، ایستاع، ایستا، ئابستا، افستا، اپستا، اوستا".

عەبدوڵڵا موبلغی ئابادی لە توێژینەوەو كتێبەكەی خۆیدا كە لە پێشەوە ئاماژەی بۆ كرا لە لاپەڕە (74)دا دەڵێت: " توێژەرێكی فەرەنسی دەڵێت:.... ئاوێستا لەیەك سەردەم وبە دەستی یەك كەس نەنووسراوەتەوە، بەڵكو بەدرێژایی چەندین ساڵ لەلایەن خەڵكانێكی زۆرەوە نووسراوەتەوە...... و ئاوێستاكەی ئێستا ئاوێستاكەی یەكەمجار نییە. چونكە ئەسڵیەكەی لە تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا لەناوچووە. ئاوێستای ئەسڵی بە زێڕ نووسرابووەوە ولەهێرشەكەی "ئەسكەندەر" بۆ سەر ئێران لەناوچووە. لەوە بەدواوە دووبارە لەسەردەمی " بلاشی ئەشكانییەكان" و شاپوری یەكەم چەند بەشێكی كۆكرایەوە و نووسرایەوە ".

توێژەرێكی وەكو " سایكس " یش كەلە كتێبی ناوبراودا ئاماژەی بۆ كراوە لەلاپەڕە (75)دا دەڵێت: " ئاوێستا بیست ویەك كتێب بووە، بەخەتی زێڕین لەسەر دوازدە هەزار پێستی گا نووسراوەتەوە، لە دوای كۆتایی هاتنی هاخامەنشیەكان ئەم كتێبەش لەناوچووە، تەنها چەند بەشێكی بچووكی لێ

ماوەتەوە ولەبەردەستدایە و"بلاشی" یەکەمی پاشای ئەشکانی ئەم کتێبەی زیندووکردەوە و"ئاردەشێری ساسانیش" کتێبەکەی تەواوکرد، گومان لەوەدایە لەسەردەمەکانی دواییدا زیادەی خرابێتە سەر ".

"ملك الشعرای بەهار " لە کتێبی (دین پایە زرتشتی لاپەڕە 22) دا دەڵێت: " ئاوێستای هاخامەنشیەکان بیست ویەك کتێب بووە، بریتی بووە لە (815) بەش. لەسەردەمی ساسانیەکاندا دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی ئاوێستای پەرتوبڵاو، تەنها (348) بەشیان بەدەستهێنا، ئەویشیان بە (21) بەند دابەشکرد".

توێژەرێکی وەکو " هنریك ساموئل پنیرك" لە کتێبێکدا بەناوی " ایران و اسلام " دا لاپەڕە (18) هاتووە کە دەڵێت: " هیچ بەڵگەیەك کە بوونی کتێبێکی مز یەسنا لەپێش زەمانی ساسانیەکانەوە بسەلمێنێت لەبەردەستدا نیە. لە دوای هێرشەکەی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران چەند بابەتێك دانران و ناوی ئاوێستایان لێنا ".

ئەو زانیاریانەی سەرەوە بریتی بوون لە کۆمەڵێکی کەم لە ڕاستی مێژویی سەبارەت بەو بابەتە، ئەگەرنا بابەتەکە قسەی زۆرتری لەسەرکراوە و لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر ئەنجامدراوە بەڵام لەترسی درێژبوونەوەی بابەتەکە تەنها ئاماژەمان بۆ ئەو چەندە کرد، و وەکو دەوترێت مشتێك نمونەی خەروارێکە.

وا ئێستا دێینە ناو کتێبی ئاوێستاوەو چەند بڕگەیەکی دەخەینە ڕوو کە پەیوەستە بە هەڵسوڕاندنی کاروباری رۆژانەی خەڵکی و کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر دەکات و بەحساب ئاسانکاریان بۆ دەکات: فەرموون با پێکەوە گەشتێك بەنێو ئەو کتێبەدا بکەین کە ئێستا لەبەردەستی پەیڕەوکارانی ئەو ڕێبازەدایە:

کتێبی ئاوێستا شەش بەشە و هەربەشەی تایبەتە بە باس و خواسێك، و لەنێو بەشەکانیشدا لقی تری لێ دەبێتەوە، ئێمە لێرەدا هەموو بەشەکانی باس ناکەین و بەدرێژیش لێی نادوێین، بەڵکو ئاماژە بۆ هەندێکی دەکەین:

[وەندیداد ] : یەکێکە لە بەشە گرنگەکان و بنچینەیی ئاوێستا، ئەم وشەیە بەمانای (یاسای دژی دێو = (دێوبەند) دێت) لە وەندیداد، ئاداب و دەستوری مەزهەب وئەحکام وسزاکانی ئەم جیهان و ئەو جیهانی تێدایە. بەزۆری یاساکانی سزادان لە دژی تاوانباران پێشبینی کراوە، وەکو قەمچی لێدان، لەناوبردنی مارومێروی زیانبەخش، وەندیداد کتێبێکی فیقهیە وبریتیە لە (22) بەش وهەر بەشەی بابەتێکە ئێمە لەم نووسینەدا هەمووی باس ناکەین لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە، بەڵکو تەنها ئاماژە بۆ چەند بڕگەیەکی دەکەین: لەوانە:

لەبەشی سێهەمی وەندیداددا هاتووە: " باشترین شوێن ئەو جێگایەیە کە مرۆڤی پیرۆز داری پیرۆزی بەدەستەوەیە وئاگر و ئاو و گاو مەڕ و بزن ومنداڵ و خەڵکی زۆر وئاڵفی زۆر وگەلێك سەگ و ئاژەڵ ولەوەڕگا وکەرەسەکانی ژیانی بەزۆری تێدابێت و زەوی پڕئاویشی هەبێت. خراپترین شوێنیش ئەو شوێنەیە کە گۆڕی مرۆڤ یا سەگی تۆپیوی لێبێت".

لەبەشی پێنجەمی وەندیداددا هاتووە: " ئاگر منداڵی ئاهورامزدایە. پیاوی گوناهکار لەلای مووبد تۆبە دەکات، ئەویش سێیەکی تاوانەکانی لەسەر لادەبات. ئەگەر یەکێك لەناو کۆمەڵێکدا خەوتبێت ومردبێت، خەڵکەکانی دیکەی دەوروپشتی پیس دەبن. ئەگەر سەگێك لەنێو کۆمەڵێك مێگەلدا بمرێت

تا هەشت مەڕیان پیس دەبێت، ئەگەر ئەوانی دی مەڕ نەبن وسەگ بن، ژمارەیەکی کەمتریان پیس دەبێت. ژنێك ئەگەر بە مردوویی مندالەکەی لەدایك بێت، دەبێت شوێنەکەی سێ پێ لەئاوو ئاگرەوە، لەپیاوی پیرۆز وئاینیشەوە سێ هەنگاو دوورکەوێتەوە، جلوبەرگ و خۆراکی بۆ جیابکرێتەوە. مقدارێك میزی گاجوت، یانی چەند دلۆپێك وکەمێك خۆڵەمێش بکەنە ڕەحمیەوە، لەدواییدا بە میزی گا بیشۆرن، تا پاك دەبێتەوە. ژنی حەیزدار بەجلوبەرگی ژنی تازە زاوی مندالْ مردووەکەوە داپۆشرێت".

لەبەشی شەشەمدا هاتووە: " جوتیار ئەگەر زەوی بکێڵێت، دەبێت ئێسك و مو وناخون ومیزی مرۆڤ وسەگ وخوێن لەزەویەکە دووربخاتەوە، ئەگینا بە قامچی سزا دەدرێت. سەگ و مرۆڤی مردوو ئاو لێڵ و پیس دەکەن، ئەگەر بکەونە ناو بیر یان جۆگەوە بەلانی کەمەوە پێنج یەکی ئاوی بیرەکە دەبێت هەڵکێشن وبیرێژن، تا پاك ببێتەوە. لە ئاوی ڕەوانیشدا سێ پێ، لەبەفر و تەرزەدا چوارپێ، لەو دەوروپشتە پیس دەکات".

لەبەشی حەوتەمدا هاتووە: " میزی گاجووت لەخاوێن کەرەوەکانە، پیساییەکانی مردوو وەکو: میز و تۆوی مردووەکە لەگەڵ شتەکانی دیکە پاك دەکاتەوە. هەرکەسێك، کەلاکی مردوویەك بباتە نزیك ئاگرەوە، هەتاهەتایە بەپیسی دەمێنێتەوە...".

لەبەشی چواردەهەمدا هاتووە: " [سەگی ئاوی هەزار ڕۆحی سەگی وشکی هەیە، هەرکەسێك کە برینداری بکات یان بیکوژێت، دەبێت دە هەزار مێشوولە و هەزار مێش بکوژێت وچەکی لەشکرێك دابین بکات وبیانداتێ، یان کچێکی شوونەکردوو بدات بەپیاوێکی پیرۆز، یان زەویەکی کشتوکاڵی وچواردە گیانداری بچووك بدات وچواردە تووتەڵە سەگیش پەروەردە بکات] ".

لەبەشی پازدەهەمدا دەڵێت: "گوناهە گەورەکان بریتین لە:..... سەگی پاسەوان یان سەگی شوان داخ کردن، یان ئێسکی سەگ شکاندن، لێدان لە سەگی ئاوس، یان ترساندنی بەشێوەیەك بکەوێتە چاڵێکەوە، نزیك بوونەوە لە ژنی حەیزدار، یان لەگەڵ ژنی ئاوسدا سەرجێی کردن بەشێوەیەك کە برینداری بکات، کەسێك کە لەگەڵ کچێکی شوونەکردوودا ڕابوێرێت، دەبێت خەرجی کچەکە و دایکی کچەکەش بدات ".

مەزهەبی دووتاپەرستی ئەم ڕێبازە هەر ئەوە دەڵێن کە زەردەشت وتویەتی: دروستکەر دووانە، ڕووناکی کە دروستکەری (خێر = چاکەیە) وتاریکیش کە دروستکەری (شەڕ = خراپە) یە ئەم دوو دروستکەرەش کۆنن.... وە بنچینەی کارەکان بە دوو سەرچاوە دەزانن، یەکێکیان کرداری چاکە وپێی دەڵێن(ئێزەد) و ئەوی دیکەش بەدکردارەو پێی دەڵێن (ئەهریمەن) (6).

"سایکس" دەڵێت: " لە مەزهەبی زەردەشتدا بەنرخترین شت (ئاگر)ە و گەلێك پیرۆزە..... زەردەشتیەکان لە ڕێزلێنانی ئاگری پیرۆزدا مۆمی داگیرساویان نەدەکوژاندەوەو فویشیان لێ نەدەکرد، دووکەڵیان لەلا قەدەغەبوو. چونکە دەبوایە دەنکە شقارتە بە فوو بکوژێننەوە. ئەمەش بەرانبەر بە ئاگر بە سوکایەتیان دەزانی".(7)

"فلیسین شالە" دەڵێت: "ئاگر نیشانەی گیانی نوورانی خوای گەورە بوو، ئاگر بناغەی ئادابی ئاینە و هەر ئاگردانێك جێگەو ڕێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەوێشدا ئاگری هەمیشەیی (جاویدانی) دەسووتێت، نابێت بە دەستلێدان وهەناسەهەڵکێشان لە بەرانبەری ئاگردا، ئاگر پیس بکرێت، موبد (کەسی بانگخوازی زەردەشتی) دەبێت دەستکێشی لە دەستدا بێت و دەمیشیان هەڵبەستبێت ".(8)

هەروەها سەبارەت بە مارەکردنی مەحرەم (هاوشیرە یان هاوخوێن) کارێکی ڕێگەپێدراو بووە لە ڕێبازی زەردەشتیدا، ئەوەتا پرسیارکراوە لە خودی زەردەشت کە "ئەگەر پیاوێك لەگەڵ دایکی خۆیدا لە حاڵی ناچاری و ترسی وەجاخ کوێری ژیانی بەسەر بردبێت چی بکات؟ " ئەویش لە وەڵامدا وتویەتی: "دەبێت لەگەڵیدا بخەوێت تاکو نەوەی بمێنێتەوە "(9)

هەروەها سەبارەت بە بڕگە ویاساکانی مافی ژن وپیاو لە ئاینی زەردەشتدا ئەم دەقەی خوارەوە هاتووە:

" لەم ئاینەدا پیاوان دەستەڵاتیان بەسەر ژنەوە هەبوو، ژن بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی مافی دەستتێوەردان وبەکارهێنانی ماڵی خۆی نەبوو، بەپێی یاسای ژن و مێردی، مێرد تەنها کەسایەتیەکی یاسایی بوو، بەبەڵگەی یاسایی دەیتوانی هاوسەرەکەی خۆی لەکەلوپەلی ماڵدا بکاتە هاوبەش، لەکاتێکی ئاوادا ژن مافی بەکارهێنانی هەموو کەلوپەلی مێردەکەی هەبوو. هەرکاتێك مێردێك بە ژنەکەی خۆی بووتایە: ئالەم کاتەوە تۆ ئازادی و خاوەنی ئیختیاری خۆتیت، ئەم ژنە لەلای مێردەکەی دەرنەدەکراو مۆڵەتی ئەوەی هەبوو بەناونیشانی ژنی خزمەتکار یان (کارەکەر ژن) مێردێکی دیکە هەڵبژێرێت. ئەو منداڵانەی لەم مێردە نوێیە ولەکاتی ژیانی مێردی یەکەمدا لەدایك دەبوون، دەبوونە منداڵی مێردی یەکەم. مێرد مافی ئەوەی هەیە ژنی گەورەی یان یەکێك لە ژنەکانی تەنانەت باشترین ژنی بەئەمانەت بدات بەپیاوێکی دیکە، تاکو ئەو پیاوەش لە خزمەتگوزاری ژن سوود وەربگرێت. لەم بەئەمانەت بەخشینەدا مەرج نەبوو ژنەکەی ڕازی بێت یان نەبێت، ئەو منداڵانەی لەم جۆرە ژن و مێردایەتیە لەدایك دەبوون، دەبوون بە منداڵی مێردی یەکەم، هەروەکو منداڵی مێردی یەکەم مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، ئەم کارەشیان بەکاری خێر دەزانی، بەیارمەتی یەکتر و هاوئاین ودەستکورتیان دەزانی ". (10)

هەروەها سەبارەت بە ژن گۆڕینەوەش لەم جۆرە ئاینەدا ئەم دەستوورە پێڕەو دەکرێ کە بەم شێوەیەیە: "ئەگەر پیاوێك مردو کوڕی نەبوو، بەڵام ژنی هەبوو دەبوایە ژنەکەی بدرایە بە نزیکترین خزمی پیاوەکە. ئەگەریش ژنیشی نەبوایە کچێکی ئەدرا بە نزکترین خزمی مردووەکە، ئەگەر ژن و کچیشی نەبووایە لەسامانی تایبەتی خودی مردووەکە ژنێکیان بۆ خزمێکی مردووەکە دەهێنا. هەر منداڵێکی نێرینە لەم ژن هێنانەدا لەدایك بووایە ئەوا پەیوەندی بەکابرای مردووەوە دەبوو، ئیتر بێ ئاگابوون لەوە کە ئەم کارە کارێکی دژوار و سەختە، چونکە وەجاخ کوێری کابرای مردوویان بە کوشتارێکی بێ پایان دەزانی، گوایە بەم کارەیان کابرای مردوو لەوەجاخ کوێری رزگار دەکەن ". (11)

جا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە کەسانێك ڕەخنەی ئەوەمان لێ دەگرن و تانەی ئەوەمان لێ دەدەن کە ئێمەی موسڵمان شوێنی ئاینێك کەوتووین هی (1437) ساڵ پێش ئێستایە و ناوزەدمان دەکەن بە کۆنەپەرست و کۆنەخواز و دەڵێن بڕگەکانی ئەم ئیسلامە بۆ ئێستای سەردەمی شارستانی لەبار نیە و گونجاو نیە، کەچی زەردەشتیەت زۆر لەوە کۆنترە و بڕگەو یاسا ئاینیەکانیشی تەنانەت بۆ ئەوەش ناشێت کە باس بکرێت وەکو خوێندتانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوبارەیەوە هەموو بێدەنگە!! بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە وەکو پێشتر باسمان کرد، بابەتەکە ڕەگەزپەرستیە نەوەك دینداری و خواپەرستی.

ئەوەی پێویستە بووترێت ئەوەیە کە بابەتی ئاین و دینداری زۆر گەورەترە لە پرسی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەرێتی، بۆیە تکایە با تێکەڵیان نەکەین و خۆمان وخەڵکیش تووشی تاوان و سەرپێچی نەکەین، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێت ئەوا سبەی و دووسبەی هەر نەتەوەو گەلێك دینێك بۆ خۆی

دادەتاشێ و دەڵێت ئەمە دینی ئێمە بووە لە کۆندا و ئێستا پێویستمان بە دینی کەسی تر نیە. بۆیە بابەتی دین وەکو چەترێك وایە وهەموو نەتەوەکانی داپۆشیوە و دەیانگرێتەوە و هەموویشی لە ژێریدا جێگەی دەبێتەوەو ئاسوودەش دەبن، با گەل و زمان و نەتەوەکانیش جیاواز بن و فرەڕەنگ بن دواتر هەموومان موسڵمانین و هەمووشمان خۆمان بە خاوەنی ئەو دینە ئەزانین و پێکەوە خزمەتی دەکەین، نەوەك بڵێین ئەمە دینی عەرەبە ولە دوورگەی عەرەبیدا دابەزیوە و بیخەینە چوارچێوەی تەسکی نەتەوەگەرایی و خەڵکی لێ دوورخەینەوە بۆ مەبەستێکی تر کە بەداخەوە ئاوهاش کراوەو دەکرێتیش، خوای پەروەردگار خۆی مرۆڤەکانی خولقاندووە و هەر خۆیشی دینیان بۆ دادەبەزێنێت، و هیچ نەتەوەو گەلێك باشتر وچاکتر نیە لە یەکێکی تر تەنها بە تەقواو لە خواترسان نەبێت، واتە هەر کەسێك زیاتر لە خوابترسێت و کرداری چاك ئەنجام بدات ئەوا لە هەموو چاکترە با هەر نەتەوەیەك بێت.

لەپاشان ئێمە ئەمڕۆ سوپاس بۆ خوا ئەم ئیسلامە کاملەمان لەبەردەستدایە کە لەلایەن خوایەکی حەکیم و خبیرەوە هاتووە و هیچ شتێکی لەبیرنەچووە کە پێویست بێت و باسی نەکردبێت و پێویستیەکانمان پڕدەکاتەوە و وەڵامی هەموو پرسیار و حوکمی هەموو کارێکمان بۆ شی دەکاتەوە و بەدرێژایی مێژوو زانایان و هەڵگرانی زانستی شەرعیش ڕاڤەی ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەریان کردووە بۆمان و خوای گەورەش بەڵێنی داوە کە بیپارێزێت هەتا ڕۆژی دوایی دێت، ئیتر پێویست ناکات ئێمە واز لەم ئاینە پاك و تەواوە بهێنین و دەست بگرین بە ئاین و بیر و بۆچونێکی ترەوە کە دەستکردی مرۆڤ بێت و لەسەردەستی مرۆڤەکان دانرابێت بەوهۆیەوە دونیا و دوارۆژیشمان لەدەست بدەین و خەسارەتمەندبین، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَىٰ بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ﴾ [ البقرة: 61 ]. ئەگەر ژێریش بەکاربهێنین هیچ کاتێك ئەوە کارێکی ژیرانە نیە بۆ کەسێك کە ڕێگەیەکی ڕاست و دروستی دۆزیبێتەوە کەچی بیگۆڕێتەوە بەرێگەیەکی لار و خوار کە کۆتاییەکەی دیارنەبێت و ڕوون نەبێت، ئیتر چ جای ئەو ڕێگە ڕاستە ئیمان بێت و بیگۆڕێتەوە بە کوفر و شیرك و خورافیات، خوای پەروەگار دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ (108) ] [ البقرة].

لە کۆتاییشدا بانگەوازی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە چاویان ڕووناك نەبۆتەوە بەم ئیسلامە و دڵیان جگە لەئیسلامی تێدایە و بە حسابی خۆیان دینداری دەکەن، وەرن پێش ئەوەی بمرن و ئەم دونیایە جێ بهێڵن ببن بە موسڵمان چێژ لە خواپەرستی ڕاستەقینە ببینن کە بریتیە لە دینی ئیبراهیم پێغەمبەر و دینی یەکخواپەرستی، وەرن ڕێکبکەوین لەسەر ئەو وشەیەی کە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا هاوبەش و هاوتایە کە بریتیە لەوەی هیچ خوایەکی تر نەپەرستین جگە لە الله نەبێت، پێتان دەڵێین خۆتان ڕزگار بکەن لە زوڵم و ستەمی دینەکانی تر و وەرن بۆ عەدالەت و دادگەری ئیسلام و لەتەسکی و بچووکی دونیا دەرچن بۆ فراوانی دونیا و دوارۆژ و وازبێنن لە پەرستنی مرۆڤەکان وەرن بۆ پەرستنی خوای مرۆڤەکان. وَاللهُ وَلِيُّ التَّوْفِيْق

============================

(1) ئەمە مانای ئەوە نیە ئێمەی موسڵمانان دژی نەتەوەین و هەست وسۆزی نیشتیمانیمان نیە، بەڵکو نکۆڵی لە کوردبوونی خۆمان ناکەین وناپاکیش ناکەین لە ئاوو خاك و نیشتیمانمان و دوعایش بۆ ڕزگارکردنی و سەقامگیری وئارامی دەکەین.

(2)سلسلة الأحاديث الصحيحة، رقم: 2700.

(3)ئەمە بۆچوونی نوسەرێکی وەکو " عبدالخالق سەرسام"ە، لە وتارێکیدا بەناونیشانی " زەردەشت ناوێکی کوردی رەسەنە چۆن (زەرد ئەشترا) لە ئەستێرەی زەرد(خور) ەوە هاتووە لەگەڵ هەندێ زانیاری نوێ ".

(4)بڕوانە کتێبی " مێژوی ئاینی زەردەشت" ی کەسی ناوبراو، لاپەڕە: 72.

(5)هەربۆیە "پیر لقمان "کە بانگخوازێکی ڕێبازی زەردەشتیە دەڵێت: ئاوێستا بە کۆد دەخوێنرێتەوەو هەموو کەس ناتوانێت بیخوێنێتەوە.

(6)مێژووی ئاینی زەردەشت " ی عەبدوڵڵا موبلغی ئابادی لاپەرە 108.

(7)سایکس/ تاریخ إیران، لاپەڕە 144.

(8)فلیسین شالة/ تاریخ مختصر أدیان، لاپەڕە 213.

(9)بیرونی أثار الباقیة، لاپەرە 299.

(10)ایران در زمان ساسانیان لاپەڕە 354 + خدمات متقابل لاپەڕە 355.

(11) هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

IslamHouse.com